# راپۆرتێکی کورت دەربارەی هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان

## سەرەتا:

هەڵبژاردن گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە، بۆ بەهێزکردنی هەستی هاونیشتمانیان بەرامبەر دەسەڵات و بەهێزکردنی هەستی دەنگدەر، کە بەشێکن لە دەسەڵات. دەنگدەران بڕیاریانداوە لەڕێگای دەنگدانەوە نوێنەرەکانیان هەڵبژێرن.

دەسەڵاتێک دروست بێت کە لەگەڵ راکانی خەڵکیدا بگونجێت، دیموکراتیەکی نوێنەرانە دابمەزرێت. لەم ریگایەوە خەڵکی نوێنەری خۆی هەڵدەبژێرێت، بەرژەوەندیەکانی خەڵک و گرووپەکان بەئازادانە کێبڕکێ دەکەن لەبازاڕی دەنگداندا، بەتایبەتی دەسەڵات کە دوای دەبێت بەبراوەی زۆرینەی دەنگەکان دابمەزرێت.

دیارە ئێمە زۆربەمان کە گەڕاوینەتەوە بۆ کوردستان وەکو چاودێری نێودەوڵەتی، لەڕووی هەستکردنە بەخزمەت، ویستومانە بەڕاستگۆیی، بەبێلایەنی بەردێک بخەینە سەر پرۆسەی دیموکراسی لەهەرێمی کوردستان، هەربۆیە بە پەرۆشەوە گەڕاوینەتەوە بۆ نیشتمان بۆ چاودێریکردنی هەڵبژاردن، بەبێ گوێدانە هیچ شتێک.

من وەکو چاودێرێک دەمەوێت رۆڵی خۆم وا پێناسە بکەم کەهەوڵم داوە پێوەرێکم هەبێت، کە بەرگری کردن بێت لە دەنگدەرانی هاونیشتمانیانی کوردستان، بۆ ئەوەی بەئازادانە دەنگ بدەن، پرۆسەی دەنگدان بەبێ ساختەکاری و پێشێلکاری بڕوات و دەستێوەردان روو نەدات لەکاتی دەنگ دان لەلایەن هیچ لایەنێکەوە، لەو بنکانەی کەمن چاودێر بووم، هەوڵمداوە ئەو بەربەستانە دیاربکەم کەڕێگا لەدەنگدەری کوردستان دەگرێت کە بە ئازادانە دەنگ بدەن.

من دەتوانم بڵێم کە ئێمە زۆربەمان هاتوینەتەوە بۆ ئەوەی رووی جوانی هەڵبژاردنەکانی کوردستان بگوێزینەوە بۆ رای گشتی جیهان، بەڵام تێبینی زۆرمان لەسەر هەڵبژاردنەکە هەیە بۆ مەبەستی ئەوەی هەڵبژاردنی ئایندە باشتر بکرێت.

## هەڵبژاردن لەهەرێمی کوردستان:

هەڵبژرادن لەکەش و بارودۆخێکی ئارامدا بووە لەناوەندەکانی هەڵبژاردندا بەگشتی، دیارە رۆڵی دامودەزگای ئاسایش و دەوڵەت دەکرێت باش دابنرێت لێرەدا.

لایەنێکی گرنگ و بایەخدار ئەوەیە کە بابەتی هەڵبژاردن لەکوردستان دا، بەبوونی دەنگ، رەنگی جیاواز و لیستی جیاوازەوە هەروەها بوونی پێنج کاندیدی جیاواز بۆ سەرۆکایەتی هەرێم، کە ئەمەش یەکێکە لە نیشانە جوانەکانی هەڵبژاردن لەهەرێمدا بەگشتی "ئەگەرچی سەرپێچی لەپرۆسەی دەنگدانەکە دەبینرا" بەڵام کۆی پرۆسەکە دیاردەیەکی "شارستانی و

١

Rebwar Hassan, Member of the Stockholm city council. rebwarh@hotmail.com.

Member of the Swedish Green party

00964-750-7408616

باش بوو، بۆیە هاووڵاتیانی کوردستانی دڵشادن بەوەی کەسەرجەمی پرۆسەکە باش بووەو تارادەیەک رازی بوون و دەکرێت هەڵبژاردنی ئایندەباشتر بکرێت".

کوردستان دوایی ساڵی ١٩٩٢ بۆ یەکەمجار پەرلەمانی خۆی هەڵبژارد و زۆرینەی دەسەڵات کەوتەدەست پارتی دیموکراتی کوردستان PDK و یەکێتی نیشتمانی PUK لەناوچە ئازادکراوەکاندا. بەڵام دوایی هەڵبژاردنەکان ساڵانی ١٩٩٤ تاک و ساڵی ١٩٩٨ تووشی شەڕی ناوخۆ بوو لەنێوان پارتی و یەکێتیدا، ناوچە کوردیەکان بوون بەدووبەشی حیزبیەوە. ساڵی ٢٠٠٣ رژێمی بەغدا رووخا و ساڵی ٢٠٠٥ هەڵبژاردن کرا بۆ پەرلەمانتی عێراق و پارێزگاکان، بەڵام هەڵبژاردنی ئەمساڵ بۆ پەلەمانی کوردستان چەند جار دواخرا تاکو ٢٥ مانگی تەمموز.

لە کوردستانیشدا لەژێر کاری دروشمی گۆڕاندا کەدروشمێکی سیاسی سەرۆکی نوێی ئەمەریکا (ئۆباما) بوو کرا بەدروشمی گروپێکی بەهێز لەکوردستان کەتێکەڵ بوو لەلایەن و ئایدۆلۆجیایی جیاواز، بەڵام بەبەرنامەی هاوبەش بەناوی لیستی گۆڕانەوە بەسەرۆکایەتی نەوشیروان مستەفا، کە کەسی دووەمی یەکێتی نیشتمانی بوو، هەر زوو هەڵوێستی وەرگرتبوو بەرامبەر گەندەڵی کوردستان، دەکرێت لیستی گۆڕان دابنرێت بەتەنها لایەنی بەهێز بەرانبەر دووحیزبی دەسەڵات (لیستی کوردستانی). لیستی کوردستانی کە لیستی دوو پارتی دەسەڵات بوون،، لیستی چوار حیزبەکە بەناوی لیستی خزمەتگوزاری و چاکسازی ...هتد.

بەگشتی نزیکەی زیاد لە٢٠ پارت و رێکخراو کێبڕکێی سیاسیان لەم هەڵبژاردنەدا دەکرد.

لەڕاستیدا من وای بۆ دەچم ئەگەر بمانەوێت هەڵبژاردنەکە هەڵبسەنگێنین بەتەواوی پێویست بەکارێکی ووردتر دەکات، بۆ ئەوەی سەیری هەڵبژاردنەکە بکرێت لەزۆر رووەوە لەڕۆژی بانگەشەوە تاکو ژماردنی دەنگەکان.

من وەکو چاودێر زووتر ئاماژەم پێکرد دەبێت کارەکانمان لەخزمەتی ئازادی دەنگدەردا بێت، کە بەئازادی بتوانن دەنگ بدەن ئەو بەربەستانە دیاری بکەین کە لەبەردەم ئازادی دەنگدەردایە لەکاتی دەنگدان دا.

هەندێ بەربەست هەن بەگشتی لەزۆر جێی جیهاندا و لە کوردستانیشدا دەبینرێن کە ئەمانەن:

١. هەڵخەڵەتاندنی دیمۆگرافی: بۆ نمونە گواستنەوەی گروپیک دەنگدەر لەشوینێکەوە بۆ شوێنیکی تر، یاخود هەندی گروپ لەکاتێک، یاخود شوێنێکی تایبەتیدا دەنگ بدەن وەکو بەندیخانە و نەخۆش ...هتد.

٢. ترساندنی دەنگدەر لەڕیگای هەڕەشەو فشاری نەفسیەوە.

٣. فشارکردنە سەر دەنگدەر لەڕێگایی پارەو دیارییەوە.

٤. بەهەڵەبردنی خەڵکی نەخوێندەوار لە وڵاتانی دواکەوتوودا. لەنا و زۆربەی بنکەکاندا نەخویندەوارەکان هاریکاری دەکران لەلایەن فەرمانبەرانی بنکەکەوە، بەڵام ئێمەی



Rebwar Hassan, Member of the Stockholm city council. rebwarh@hotmail.com.

Member of the Swedish Green party

00964-750-7408616

چاودێر نەمان دەزانی چیان پێدەوترێت، دەکرێت گومان بکەین کە هاندەربن بۆ ئەوەی دەنگ بدەن بەلیستێکی تایبەتی لە هەڵبژاردنەکەدا.

٥. نایەکسانی کاندیدەکان و لایەنەکان چ لەڕووی مادی و ئابوری و بەکارهێنانی دامودەزگای میدیایەوە، بۆ نمونە دوو حیزبی دەسەڵات توانیان دەوڵەت و میدیا بخەنە خزمەتی خۆیان.

٦. دەرکردنی هەندێ لە فەرمانبەران لەکارەکانیان بەهۆی سۆزیان بۆ لا یەنێکی سیاسی تر کە لەدەرەوەی دوو حیزبی دەسەڵاتن.

٧. بڵاوکردنەوەی درۆ و پروپاگەندەی نابەجێ بەرانبەر بەیەکتری لەکاتی هەڵبژاردندا.

٨. بوونی کەسی حیزبی و کارکردنیان لەناو بنکەی دەنگداندا بۆ مەبەستی کارکردنە سەر دەنگدەران وەکو دەبینران لەهەندێ بنکەی دەنگداندا لە هەولێر.

٩. هەندێ دەنگدەر توانیویانە چەند جار دەنگ بدەن.

من چاودێر بووم لەهەردوو هەڵبژرادنی تایبەت لە ٢٣ تەمموز و هەڵبژاردنی گشتی دا واتە رۆژی ٢٥ تەمموز.

بەگشتی سەردانی ئەم بنکانەی خوارەم کردووە و هەوڵدەدەم بەکورتی رووەخراپ و لایەنی نێگەتیفی و پۆزەتیڤی بخەمە روو.

١. بنکەی نەخۆشخانەی رزگاری لە هەولێر.

لەم بنکەیەدا نەخۆشەکان دڵیان خۆشکردم کە دەهاتن بەجلی نەخۆشیەوە دەنگیان دەدا. لە خەوشە خراپەکانیش ژمارەیەک نەخۆش بەنامەو تەئیدی بەڕێوەبەری نەخۆشخانە دەهاتن دەنگیان دەدا.

٢. بنکەی بارزانی نەمر.

بوونی کەسی حیزبی لەناو بنکەکەدا، هەروەها هەندێ کەس بە وێنە و ریکلامی لیستی کوردستانی دەهاتن و دەچون لەڕۆژی هەڵبژاردندا. هەندێ کەس بەناسنامەی تایبەتی و فۆرمی ١١١ دەنگیان دەدا، هەندێ جار لێپرسراوی بنکە نامەی پشتگیری دەدا بە دەنگدەر بۆئەوەی دەنگ بدات، واتە رێسایەکی چوونیەک نەبوون بۆ هەموو بنەکەکان. بەرپرسی ناسینەوەی هاونیشتمانان دەیانتوانی بریاربدەن.

٣. ئامادەیی هێمنی کوران.

لەنا و بنەکەکەدا کەسێک بەجلی کوردیەوە کاری دەکرد بۆ لیستی کوردستانی. و ژمارەیەکی زۆر بەفۆرمی ١١١ توانیان دەنگ بدەن. بوونی کەسی لێپرسراوی حیزبی و لەناو بنکەی دەنگدان و هەندێجار لەبەردەم بنەکەکەدا دەبینران.



Rebwar Hassan, Member of the Stockholm city council. rebwarh@hotmail.com.

Member of the Swedish Green party

00964-750-7408616

٤. بنکەی قوتابخانەی ئەحمەدی خانی.

بوونی میدیای هەردوو حیزب لەناو بنکەی دەنگدان و چاوپێکەوتنی ساز دەکرد لەگەڵ لێپرسراوی بنکەکەدا.

٥. قوتابخانەی کوێستانی بنەڕەتی.

لەم بنکەیەدا نزیکەی ١٧٩ کەس دەنگیان داوە بەناو زیادکردنیان بەدەست لەناو لیستەی دەنگدان دا. من ئەمەم ئاگاداری لێپرسراوی بنکەکە کرد و تەلەفۆنم کرد بۆ یەکێک لەئەندامانی کۆمیسیۆنی باڵا (کاک سەرداو عەبدولکەریم)، لەئەنجامدا ئەوانی تر کە لەسەرەدا وەستا بوون بڵاوەیان پێکرد...

ژمارەیەکی زۆریش بەفۆرمی ١١١ توانیان دەنگ بدەن، ئەمانە هەموو نزیکەی سەعات ١٧ روویدا. نامەکەی من بەڕێوەبەری بنکە وەریگرتوو منیش کۆپیەکیشم بۆ خۆم گلدایەوە. کەسێک دەنگی دا کە ساڵی ١٩٩٤ لەدایک بووو.

٦. ناوەندی چناری کچان.

کە زیادکردنی سەعاتی کۆتایی هیچ پاساوێکی نەبوە، لەوەدەچو پیلانێکی پێشوەخت بێت و رێکخرابێت، چونکە ژمارەی دەنگدەران لەبنکەکاندا ئەوەندە زۆر نەبو، کە پێویست بکات کاتەکەی بۆ زیاد بکرێت و هیچ جەنجاڵیو قەرەباڵغییەك بەسەر بنکەکانەوە نەبوە کە منی لێ بووم. ژمارەیەکی زۆر بەفۆرمی زەرد دەنگیان دەدا. نزیکەی ٢٦ کەس ناویان نەبوو ناویان زیادکرا.

لێرە ژمارەیەکی زۆر بەفۆرمی ١١١ دەنگیان دەدا. لەکاتژمێری دوایی ١٧وە دەنگدەرانی لاوان زیادی کرد، ئەوەبوو بەڕێکەوت داوای هەویەم کرد لەکەسێک کە دەیویست دەنگ بدات لێپرسراوی ناسینەوەی ناسنامە رێگای پێدا کە ئیمزا باکات، بنکەکەیان جیهێشت بەبێ ئەوەی دەنگ بدەن. هەر لەهەمان بنکەدا لێپرسراوی ناوچە زوو زوو دەهاتەبنکەکە...

بوونی میدیای هەردوو حیزب لەناو بنکەی دەنگدان و چاوپێکەوتن لەگەڵ لێپرسراوی بنکەکە لەناو کەرتی ژمارەیەکدا.

٢٣ مانگی حەوت، من لەسەعات، ٨وە لە مەڵبەندی دەنگدانی ناو نەخۆشخانە بووم، دوایش رووم کردە قوتابخانەی ئامادەیی ئەحمەدی خانی تاکو نزیکەی سەعات ١٥.٣٠ دواییش چوومە مەڵبەندی قوتابخانەی کوێستان.

**دەرئەنجام:**

سەرەتا کەمێک زەحمەت بوو بزانرێت کە کاری دەنگدان چۆن دەکرێت، کەڕووم کردە بنکەی یەکەم زۆر بەڕێزەوە پێشوازی کرام، بەڵام هەر زوو پێیان وتم کەشوێنم ئەو کورسییەو نابێت بجوڵێم، ئەمەش دووبارە کرانەوەبوو بۆ من لەزۆربەی بنکەکاندا. کە سەیری خۆم و چاودێرانم



Rebwar Hassan, Member of the Stockholm city council. rebwarh@hotmail.com.

Member of the Swedish Green party

00964-750-7408616

دەکرد خۆم و چاودێرەکانی تریش وەکو قوتابی سەرەتایی لە قوتابخانەیەکی زۆر کلاسیکی کۆن دەهاتەبەرچاو، کەنابێت بجوڵیین و دەبێت ئاقڵانە بەداخوازی مامۆستای وانە بجوڵێینەوە، کرابوونە تەماشاکەرێکی پاسیف و ناچالاک. ئەم دیاردەیە تاکو لەکاتی ژماردنی دەنگەکانیش کەپێمان وترابوو دەبێت لەدوورەوە تەماشا کەین، نابێت نزیک بینەوە لە وەرەقەی دەنگدانیش.

یەکێکی دیکە لەچاودێرە نێودەوڵەتییەکان بەچاوی خۆی بینیویەتی کە کەسێك لەبری ناوێکی تر دەنگیداوە و مەرەکەبیش بەپەنجەیەوە بوە.

من سەرسام بووم بۆ چی دەبێت کەسێک بەناوێکی تر دەنگ بدات لەیەکێك لەبنکەکانی هەولێر، ناوەندی چناری کچان دەنگدەرێك داوای ناسنامەمان لێکرد، ناوی (ئارام ئەحمەد) بو، بەڵام لەشوێنێکی دیکەناوی (ئەحمەد خزر) بو ئیمزای کرد، ئایا چەند کەس بەم شێوەیە دەنگی داوە؟

هەروەها لە قوتابخانەی کوردستان، نزیکەی (١٧٩) کەس ناویان بەدەستنوس زیاد کرابو لە لیستی ئەو کەسانەی دەنگ دەدەن. ئایا چەند کەسی تر لەبنکەکانی تر ئەمەکروە؟

ئایا فەرمانبەری ناو بنکەکان حیزبی بوون؟، کاری دەنگدانەکە مۆری ئەرکێکی حیزبی پێوەدیاربوو بۆ دەنگدان، سەربازەکان، ئەفسەرەکانیان وەکوو چاودێر لەبەردەم هۆڵی دەنگدان لەوێ بوون. گروپ گرروپ بەپاس و سەیارە دەیانهێنان بۆ دەنگدان، هەندێک لەو کەسانە گوایە توانای نوسین و خوێندنیان نییە، بەڕیوەبەری هۆڵەکان یاخود، فەرمانبەرێکی تر لە تەنیشتیوە دەوەستا و پێی دەوترا کە چۆن دەنگ بدەن. ئەوە جێی سەرنجە لەقوتانخانەی خانی لەم کارە زۆر دەبینران. هەروەها لە نەخۆشخانەش بەوەرەقەیەکی بەڕیوەبەری نەخۆشخانە دەکرا نەخۆش دەنگ بدەن. ئەمە دوو لایەن بوو، یەکەمیان دیمەنێکی جوان بوو کە نەخۆش بە بەرگی نەخۆشیەوە روو دەکاتە دەنگدان و هەر لایەنێکی تری، کێ دەڵێت کە چۆن بەتەئیدێکی بەڕیوەبەر بتوانێت دەنگ بدات.

لە قوتابخانەی کوێستان زیاد لە ١٧٩ کەس توانیان دەنگ بدەن بەبێ ئەوەی ناویان لەناو لیستەی تۆمارکراودا هەبێت و بەدەست ناوەکان زیاد دەکران، من لێرە ئیستمارەی ژمارە١١٠م پرکردەوە وەکو سکاڵا، بەڵام دوای وتیان تۆ نابێت سکاڵا بکەیت، چونکە چاودێری دەرەوەییت، دەبێت ئیستمارەی ١١١ وەرگریت، بەڵام ئەوان ئەو ئیستیمارەیان لا نەبوو، وتیان راپۆرت بنوسە، منیش راپۆرتی خۆمم نوسی و بەڕیوەبەری مەڵبەندەکە ئیمزای کرد. ئەوە سەیرە کە نوێنەری لیستی کوردستانی داوایەکی زۆری لێدەکردم کە من هیچ شکات نەکەم، هەندێ قسەی کەمێک لە هەڕەشەیەکی ناسک دەکرا.

لێپرسراوی ریکخراو زوو زوو دەهاتە ناو بنکەکەوە و چاودێری لیستی کوردستانی بانگدەکرد و دوایی بڵاوەیان دەکرد (پیاوێکی قەڵەوی بوو)، بانگی چاودێری لیستی کوردستانی دەکرد..

بۆ زانیاری زیاتر دەتوانن تەلەفۆن بکەن بۆ ئەم ژمارەیە



Rebwar Hassan, Member of the Stockholm city council. rebwarh@hotmail.com.

Member of the Swedish Green party

00964-750-7408616

٠٠٩٦٤٧٥٠٧٤٠٨٦١٦

ڕیبوار حەسەن (چاودێری نێودەوڵەتی)



Rebwar Hassan, Member of the Stockholm city council. rebwarh@hotmail.com.

Member of the Swedish Green party

00964-750-7408616